سودانی و حەکیم جەخت لەسەر چوارچێوەیەکی هەماهەنگی یەکگرتوو دەکەنەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە "محەممەد شاع سودانی" سەرۆکوەزیران و "سەید عەمار حەکیم"سەرۆکی هاوپەیمانی هەزەکانی دەوڵەت،جەختیان لە سەر چوارچێوەیەکی یەکگرتووی هەماهەنگی کردەوە ،ئەی چوارچێوەکە لە سەقامگیری وەاتدا.

نووسینگەی سەید" حەکیم " لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : "ئەوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە سەید"عەمار حەکیم"سەرۆکی هاوپەیمانی هەزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت، لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازیکرد لە "محەمەد شیاع سودانی"سەرۆک وەزیران.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : لە میانی دیدارەکدا، باسیان لە پێشهاتەکانی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو و یەکگرتوویی چوارچێوەی هەماهەنگی کرد، لەو ڕوانگەیەوە "سەید عەمار حەکیم " جەختی لە گرنگی پابەندبوون بە وادە دەستووریەکان بە پێکردنەوەی سە پەستی سەرکردایەتی باڵا کردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : سەید "عەمار حەکیم" جەختی لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی هەماهەنگی کردووەتەوە و ڕوونیشیکردووەتەوە چوارچێوەی هەماهەنگی یەکەکە لە پایە گرنگەکانی ئەو سەقامگیرییەی ئەستا وەات بەخێوە دەبینەت، هەروەها مەدلەلەکی سەرکەوتووی خستەتە ڕوو کە ئەوانی دیکە هەوەی

دووبارەکردنەوەی دەدەن.

ووونیشیکردەوە : کە ئەو سەقامگیرییەی بەدەست هاتووە لە لایەنی سیاسی و کەمایەتی و ئەمنییەکانی گشتگیر بووە، داواشیکرد بە پلان و چارەسەری ستراتیژی زیاتر چارەسەری ئەو تەحدیاتانە بکەن کە ئابووری دەوڵەت دەخاتە مەترسی و کەرتە بەرهەمدارەکان هان بدات.